# بومەلەرزەکەی بینگۆڵ و وەحشیەتی تورکیا

کاوە ئەمین



یەکێک لە کاریگەرترین کارەساتە سروشتیەکان بومەلەرزەیە، کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ملیۆنان مرۆڤی لە ناو بردووە. کارەساتێک کە تا ئێستاش نە توانراوە و ناتوانرێت بەری پێ بگیرێت، بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگایی یارمەتیە سەرەتایی و بەدەنگ هاتنەوەی بەپەلە ژمارەی قوربانیەکان بە تایبەتی بریندارەکان کەم بکرێنەوە. هەربۆیە لە سەرتا سەری جیهاندا کاتێک کارەساتی سروشتی ڕوودەدەن ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکانی وەکو خاچی سوور و مانگی سوور دەکەونە خۆیان. یەکێک لە سیفەتە خاسەکانی ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە کە سنوور ناناسن و گوێ نادەن بە ڕەنگی پێست و دین و زمان و کلتوور، بەڵکو مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی بە نرخ چاوی لێ دەکرێت، وەکو دەشزانرێت هەردوو ڕێکخراوی مانگی سوور و خاچی سوور دوو سیمبولی دینین و پەیامێکی مرۆڤانەیان لەهەگبەدایە، تا چ ڕادەیەگ فەرق و جیاوازی و پەیامی سیاسی لە پشت ئەم ڕێکخراونەوەیە بابەتێکی جیاوازە و پەیوەندی بەم نووسینەوە نییە.

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گەلێک جار دووچاری کارەساتی ئەرزهەژین یاخود بومەلەرزە هاتووە. ئەو ڕەوشە سیاسیەی کە باڵی کێشاوە بە سەر کوردستاندا وای کردوە کە کورد نەتوانێت لە سەر خاکی خۆی ڕێکخراوە مەدەنی و مرۆڤانەکانی خۆی دامەزرێنێ و لە کاتی پێویستدا وەکو خەڵکی تر بە هاواری هاوڵاتیانی خۆیان و





بیانییەوە بێن. ئەو ڕێکخراوە مرۆڤانەی وەکو مانگی سووری تورکی و وڵاتانی تری داگیرکەری کوردستان نەک هەر هاوکاری مرۆڤانەیان پێشکەش بە زیان لێکەوتوانی کورد نەگایندووە بەڵکو کراونەتە لانەی جاسووسی و سیخوری ئەو وڵاتانە تا بەناوی هاوکاری مرۆڤانەوە سایسەتی شۆڤینستی خۆیان بەرەوپێش دەبەن.

دەوڵەتی تورک وەک چۆن هەمیشە سەری ڕمی دژایەتی کورد و کوردستان بووە لەم ڕووەوەش یەکەمە. مانگی سووری تورکی بەسەدان کاری تیرۆرستی و هەوڵی بە تورک کردنی کوردیان داوە لە باکوور و باشووری کوردستان بە تایبەتی لەماوەی ئەم ١٢ساڵەی دوایدا بە.

لەم ڕۆژانەدا کە بینگۆڵ دوچاری کارەساتی ئەرزهەژین بووە مانگی سووری تورکی هیچ هاوکاریەکیان بەو شارە نەکردووە. ئەوەتا جەندرمەکانی تورک بومەلەرزەیەکی تیرۆریان لەناو خەڵکی بینگۆڵدا دەستپێ کردووە. بە بەرچاوی کامێراکانەوە خەڵکی بریندارو هەژاری ئەو شارەیان دایە بەر ڕێژنەی گوولە وەکو ئەوەی بڵێی کە دڵیان بەو کارەساتە سروشتیە ئاوی نەخواردبێتەوە، دەیان خەڵکیان بریندار کردووە و کەسێکیش گیانی لەدەست داوە.



تورکیا ڕێگا بە هاوڵاتیانی شارەکانی کورد نادات تا هاوکاری خەڵکی بینگۆڵ بکەن و دەیانەوێت ژمارەی قوربانیەکان کەم بکەنەوە، چوونکە بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەست و برد لە هاوکاریەکان بکرایە ژمارەی قوربانیەکان ئاوا ڕوو لە زیادبوون نەدەبوو. لەم جۆرە سایسەتە دڕندانەیەی تورکیا لەهیچ کوێیەکی دنیادا نە بینراوە، ئەوەی کە ڕێگا لە ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤ بگیرێت.

تورکیا نەک نا خوازێت کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە چارەسەر بکرێت، بەڵکو بەم کارە تیرۆریستیانەیەی ئیسپاتی کرد تا سەر ئێسقان دژی هەبوونی کوردە، بۆیە دەبێت کوردیش بەگشتی و بەتایبەتی ەگەڵ تورکاندا کەمێک دەست بگرن بە بانگاشەی برایەتی و ئاشتی و دیموکراسیەوە، چوونکە وڵاتێکی وەک تورکیا نەک ناتونێت پێشەنگایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکات، بەڵکو دەبێت وەکو ڕژێمەکەی سەددام و عێراقی بەعس ڕەوانەی زبڵدانی مێژووەوە.

ئەو ویانانەی کە لە خوارەوە دەبینرێن، ڕووی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورک و سوپا داگیرکەرەکەی نیشان دەدات، کە دەیانەوێت لەسەر مەرگیشدا سەری کورد بە پۆستاڵەکانیان پان بکنەوە.



سەرهەڵدانی خەڵکی دڵشکاوی بینگۆڵ